# زانیاریی فەرهەنگیی- نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردییدا

**پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف** **م. سازان زاهیر سەعید**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زمان**

**بەشی کوردیی**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زانیاریی فەرهەنگیی- نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردییدا)[1]، بەگشتی ئەوە دەخاتەڕوو، کە کۆی زانیارییە زمانییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، بەجۆرێك بۆ هەر توخمێك دەروازە زانیاریی (فەرهەنگیی)یەکەی تۆمارکراوە، هەموو ئەو زانیارییانەش، دروستە زمانییە جیاوازەکان دەیاننوێنن. لەم ڕووەوە، توێژینەوەکە گرنگیی بە ئەوە دەدات، کە لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراودا، هەر فۆنێمێك خاوەنی ژمارەیەك نیشانەی جیاکەرەوەیە، کە نواندنە فۆنۆلۆژییەکەی، پشتیان پێدەبەستێت، وێڕای ئەوەی، نواندنی مۆدێلی بڕگەش، بەپێی هەمان بنەما کاردەکات. گرنگە ئەوەش بگوترێت، توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی پەسنی شیکاریی، ئەنجامدراوە، نموونەو بەڵگەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون‌و تاقیکراونەتەوە.

**Keywords:** **Linguistic Knowledge, Lexicon component, Phonological Representation, Syllable Representation.**

**١/١ گریمانەی بەپێکهاتەبوونی فەرهەنگ:**

بەپێی یەکێك لە گریمانەکان، فەرهەنگ هەڵگری کۆی زانیارییە زمانییەکانە[2]، ئەگەر وەهای دابنێین ئەمە گریمانەیەکی دروست بێت، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا دەکرێت فەرهەنگ لەپای گشت زانیارییە گەنجکراوەکانی ناویدا، بە پێکهاتە هەژماربکرێت؟

[1] ئەم توێژینەوەیە، لە تێزی دکتۆرای توێژەرەوە هەڵهێنجراوە.

[2] بڕوانە: Carnie, A. (2001: 171)، محەمەد مەحویی‌و نەرمیین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ١٢_١٣)، هەروەها بڕوانە: Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 230_232)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەڵامی ئەو پرسیارە لەوەوە دەستپێدەکات، ئەگەر ڕێزمان میکانیزمی پەسنکردنی پێڕەوبەندانەی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بێت، ئەوا پێدەچێت لەناو پێکهاتەی ڕێزماندا، گریمانەی بوونی وەچەپێکهاتەیەك بکرێت، کە کۆزانیاریی فەرهەنگیی قسەپێکەر بخاتەڕوو. هەروەك بۆ قسەپێکەری زمان ئەوە ڕوونو ئاشکرایە، کە: (ا) وشە هەبووەکانی زمانەکەی، کامانەن، (ب) وشەکان بەدیاریکراویی دروستەی ناوەکییان هەن، (پ) دروستە ناوەکییەکە پەیوەندیی بە یاسایەکی دیاریکراوی زنجیرەی پێکەوەبەستراوی مۆرفیمەکانەوە هەیە[3]، بۆ نموونە [(موبایل_چیی)، (سپلێت_چیی)] دوو وشەی ئەگەریین[4] لەکوردییدا، چونکە دوو فۆڕمی شێوازبەندنو پەیڕەوی یاسای مۆرفۆلۆژیی (بناغە+ پاشگر)یان کردووە، بەپێچەوانەوە دروستو ڕێگەپێدراو نیین (بڕوانە (۱))، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "سەرەوڕیزبوونی مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی وشە لە زۆرترین وشەکانی زمانە سروشتییەکاندا لەڕێی یاساوە جێگیرکراون"[5].

١_ا. ★[/_چیی/ + موبایل][6]

ب. ★[/_چیی/ + سپلێت]

فەرهەنگی زمان ڕێگەپێدانی مۆرفۆلۆژیی بۆ هەموو پڕۆسەیەکی خستنەتەکیەك دەستەبەرناکات، بەڵکو "فەرهەنگ سێتێك کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکیی هەیە، کە وەك پاڵێوەر گۆدەکەنو تەنها ڕێگە بە هاتنەناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆژییانە فۆڕمدروستن. بەرلەوەی وشە دانراو/ خەیاڵییەکان putative words بتوان بچنە فەرهەنگەوە، پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لە زمانەکەدا ڕێپێدراون، بخرێنەتەکیەك[7]، بۆ نموونە فۆڕمەکانی ★(ڵیر، نبج) ڕاستەوخۆ/ ئۆتۆماتیکیی ڕەتدەکرێنەوە، چونکە لە پێڕەوی فۆنۆتاکتیکیی زمانی کوردییدا، هاتنی دەنگی /ڵ/ ی سەرەتای بڕگەو بەدوایەکداهاتنی /ن+ب/ ڕێپێدراو نیین. بەمەش مۆرفیم/ وشەکانی زمان لە هەنگاوی پێش_فەرهەنگییدا پەیوەست بە فۆڕمدروستییو واتاوە، بەگشتیی پابەندی دوو مەرج دەبن: (ا) یاساکانی وشە_دروستکردن، (ب) پاڵێوەری پشکنین _فلتەری جێککردنەوە_.

ئەوەی گرنگە بگوترێت، مەرجی یەکەم بە تەنها سەنگی محەك نییە، بۆئەوەی دەرکردەی پڕۆسەکە وەك توخمێکی فەرهەنگیی پەسەندبکرێت، بەو واتایەی یاساکانی وشە_دروستکردن، تەنها مەرج نیین بۆ بەدەستهێنانی لێکسیمێکی فەرهەنگیی، چونکە هەرچەندە دروستە بەرهەمهاتووەکان یاسا جڵەوگیریش بن، کەچیی پرنسیپی پاڵێوەری پشکنین دروستەکە جێگیردەکات (بڕوانە خشتەی (۱))، کە تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو، فۆڕمێکی وەك ★/بەفرۆکە/ لەگەڵئەوەشدا میکانیزمی داڕشتنەکەی دروستو یاسابەندە، بەڵام پێدەچێت

---

[3] Scalise, S. (1986: 24)

[4] بۆ زانیاریی لەبارەی وشە ئەگەرییەکانەوە، بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٢٨)

[5] محەمەدی مەحویی، زانستی زمان (٢٠٠١: ١٧٣)

[6] فۆڕمی ★/موبایل_چیی/ ئەگەرچیی پەیڕەوی یاساکانی وشەدروستکردنی کردووە، بەڵام لە فەرهەنگی زمانەکەدا فۆڕمێکی لەو چەشنە بوونی نییە، بۆیە لەخشتەی (۱)دا نەیتوانیوە بە فلتەرەکەدا تێپەڕێت، بەڵکو تەنها وەك وشەیەکی ئەگەریی پێشبینیی بوونی دەکرێت.

[7] katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 83)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پالێوەرەکە بەهۆی هەبوونی لێکسیمی /پرۆشە/وە، ڕێگەدانی مۆرفۆلۆژیی بۆ فۆڕمەکە بلۆکبکات[8]، بۆیە وەك وشەیەکی هەبوو لەناو فەرهەنگی کوردییدا، پێشبینیی لیستکردنی ناکرێت.

خشتەی (١)

پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی پێش_فەرهەنگی[9]




لەخشتەی (١) دا کارکردنی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوە دەردەخات، کە وشەی /باخچە/ بە هەمان دروستەوە، لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو هەر یەك لە /باخ/، /_چە/ بە دوو مۆرفیمی جیا هەنو هەلگیراون، یەکەکان بەهۆی یاساکانەوە دەخرێنەتەکیەك‌و پالێوەرەکەش لەڕووی واتاوە ئاماژە بە فیچەرێکی ئیدیۆسینکراتیکیی دەدات، بەمەش دەرکردەی/باخچە/ وەك لێکسیمێك دەچێتە فەرهەنگەوە. هەر لەم ڕووەوە، یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لە کوردییدا فۆڕمێکی لە جۆری */کچتر/ هەڵناگوێزن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لاگری سینتاکسیی/_تر/ بە پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو)ەوە دەلکێت، نەك (ناو).

ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن (ا) بۆ هەر لێکسیمێکی فەرهەنگیی، قۆناغی پێش_فەرهەنگیی هەیەو تێیدا مۆرفیمەکان ئازادانە ڕوودەدەن، هەلاوێرکردن‌و یەکگرتنیشیان وابەستەی هەندێك ڕێسای مۆرفۆلۆژیی‌و کۆتومەرجی دیاریکراون. (ب) پەیوەست بە خاڵی (ا)ەوە، بوونی کەرەستەی فەرهەنگیی‌و یاسا دیاریکراوەکانی، هەژمارکردنی فەرهەنگ وەك پێکهاتە مسۆگەردەکەن، بەمەش هەر توخمێکی فەرهەنگیی بەهەموو زانیارییەکانییەوە، لە فەرهەنگدا گەنجدەکرێت.

[8] سازان زاهیر سەعید (٢٠١٥: ٧٤)

[9] بیرۆکەی ئەم خشتەیە لە (Scalise, S. (1986: 31 وەرگیراوە.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**٢/١ پێکهاتەی فەرهەنگ:**

هەرچەندە پێشتر بلومفیلد ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو، کە فەرهەنگ پاشکۆی ڕێزمانەو لیستێکە لە یەکە نایاسابەندەکان[١٠]، لەلایەکی دیکەشەوە وا پێشنیازکرابوو، کە لە فەرهەنگدا تەنها هەندێك تایبەتمەندیی گشتیی مۆرفیمەکانو توخمە فەرهەنگییەکان نیشاندەدرێن، بەڵام لەئێستاداو بەتایبەت زۆرینەی زمانەوانانی سەر بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، کە فەرهەنگ تەنها لیستێك یەکەی نایاسابەند بێت، بەڵکو ڕوونو ئاشکرا ئەوە دەخەنەڕوو، کە پێویستی بە لیستێك لە یەکەی ڕێزمانیی مۆرفیمە بنەڕەتییەکانو یەکەی ڕێزمانیی سەر بە فەرهەنگ هەیە.[١١] فەرهەنگ کۆی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە قسەپێکەری هەر زمانێك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاستو دروست پێویستیەتی، لەمەوە ئەو ڕاستییە هەڵدەهێنجرێت، کە "زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروستو واتاڕاستو پێچەوانەکەی بناسێتەوە."[١٢]

بەمپێیە ڕێزمانی هەر زمانێك، پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژییو سینتاکس دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فەرهەنگ هەڵگری ئەو زانیارییە کەتیگۆرییانەشە، کە لە توخمە فەرهەنگییەکاندا چ کۆنکرێتیی بێت، یان هۆشەکیی، هەنو بە (فەرهەنگی ئاوەزیی) ناودەبرێن[١٣]، خودی ئەو زانیارییانەش، کە زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی، سیمانتیکیی) دەگرێتەوە، ڕۆڵ لە پێکهێنانی ڕستەو کەتیگۆریی سینتاکسییدا دەبینن، ئەمەش پێماندەڵێت، توخمە فەرهەنگییەکان بڕی زانیاریی پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی پەیوەست بە دەستورو یاسای دیاریکراوەوە تێدا هەڵگیراوە.[١٤]

فەرهەنگی ئاوەزیی بەو جۆرە دەناسێنرێت، کە کۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاریی سیمانتیکیی، گراماتیکیی، فۆنۆلۆژیی لەبارەی تاکە تاکەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانەی بۆ بەکاربردنی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێكو ڕێکخراو پێویستن[١٥]، بۆیە دەشێت هەر ئاخێوەرێکی زمان پەیوەست بە جیاوازیی ئەزموونی زمانیی تاکەکەسییەوە، فەرهەنگە ئاوەزییەکەی، جیاوازیی هەبێت. هاوکات فەرهەنگی ئاوەزیی لە چوارچێوەی ڕێزمانو ئاوەزدارییدا ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە سینتاکسییو مۆرفۆلۆژییەکان تێدا گەنجکراوەو ناتوانرێت لەوە زیاتر شیبکرێتەوە، ئەو زانیارییانەش، بە فۆڕمی فۆنۆلۆژییو فۆڕمی فۆنەیتیکییەوە پەیوەستن، لەناو ئەوانەیشدا (دروستەکانی بڕگە، دروستەکانی زرنگە، دروستەکانی فورساییخستنەسەر)و پەیوەستن بە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانو خەسڵەتە سینتاکسییەکانی وشەکانو بەواتای وشەوەو بە واتاو ناوەڕۆکی سێمانتیکیی_ پراگماتیکییەوە[١٦].

---

10 katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 84)
11 ibed, 85

١٢ عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٦)

١٣ بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 352)

١٤ بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Cook, V. & Newson, M. (1997: 159_160)

15 Cruse, A. (2006: 104), Lieber, R. (2012: 15)

١٦ محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٢)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەو ڕوانگەیەوە، کە "ڕێزمان لە ڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی‌و مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکس دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاسا و ڕێساو کەرەستەی تایبەت بەخۆیانن"[17]، کەرەستەکان دەهێنرێن‌و لە هەریەك لەو پێکهاتانەدا، بەهۆی پەیڕەوکردنی دەستوورو یاساکانەوە تاقیدەکرێنەوەو دروستەی فۆنۆلۆژیی‌و مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسی جیاوازیان لێبەرهەمدەهێنرێت. بەپشتبەستن بە ئەم ڕاستییانە، چاوەڕێدەکرێت زانیاریی هەڵگیراوی نێو توخمەکان، لەڕێی یاسا فەرهەنگیی‌و سینتاکسییەکانەوە بەرجەستەبکرێن‌و بنوێنرێن، ئەمەش ڕێگەدەدات فەرهەنگ وەك پێڕەوێك لە یاسای دیاریکراو هەژماربکرێت، لەمەوە "گەر کار بە گریمانەی بە پێکهاتەبوونی فەرهەنگ بکرێت، ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوون‌و نواندنی تایبەت بە خۆیەتی‌و ئەوانە دەبن بە ڕێسا بۆ نواندنە فۆنۆلۆژیی‌و مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسییەکان"[18]، پەیوەست بەمەوە، یاساکانی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی (دروستەی فۆنۆلۆژیی، دروستەی سینتاکسیی، دروستەی سیمانتیکیی) دەگرێتەوە، کە لە ناواخنی فەرهەنگییاندا هەندێك زانیاریی پەیوەست بەو دروستانەوە هەڵگیراون، زانیارییەکانیش لەڕێی نواندنەکانەوە دەردەخرێن. لەمەوە شیکردنەوەکان پێماندەڵێن: (ا) فەرهەنگ‌و سینتاکس وەك دوو پێکهاتە، تەواوکەری یەکترین، بەوەی زانیارییە ئەبستراکتییە گەنجکراوەکانی نێو هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بنەمای سەرەکیی دروستیی فۆڕمداڕشتنی سینتاکسیین، بەو واتایەی، دروستە سینتاکسییەکان نواندنی دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە فەرهەنگییانەن، کە لە توخمەکاندا هەڵگیراون، هەربۆیە "نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوو دیوی فەرهەنگیی‌و سینتاکسییدا بەرجەستەدەکرێن"[19]. (ب) دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمە فەرهەنگییەکان، وابەستەی ناواخنی توخمەکانن، ئەمەش گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت، پەیوەست بە نواندنە سینتاکسییەکانەوە پێشبینیی هێنانەدەرەوەیان بکرێت.

هەر لەم ڕووەوە، چۆمسکی لە بنەما سینتاکسییەکانی ڕێزماندا وایدادەنێت، کە فەرهەنگ وەك وشەنامە[20]، لە ژمارەیەك دەروازەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە مۆرفیمەکانن، ئەمانیش بچووکترین زنجیرەی دەنگیی

---

[17] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٥٤)

١٨ سەرچاوەی پێشوو

[19] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٦)

[20] زۆرێك لە زمانەوانان جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان فەرهەنگ Lexicon و وشەنامە Dictionary یان خستووەتەڕوو، بەوەی فەرهەنگ لیستێکی ئامادەکراوە لە لێکسیمەکانی زمان لەگەڵ خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی هەر لێکسیمێکەوە، ئەمەش پێچەوانەی وشەنامەی باو standard ە، کە لێکسیمەکانی بەپێی پێڕەوی ئەلفبێ ڕێکخراون، تێیدا زانیارییەکان ئیدیۆسینکراتیکیین‌و ناتوانرێت بەهۆی یاسا گشتییەکانەوە پێشبینییبکرێن، ئەو زانیارییانەش، پەیوەندیی نێوان دەنگ‌و واتای لێکسیمەکان دیاریدەکەن، کە پەیوەندییەکی لەخۆوە arbitrary یە، هەروەك فۆڕمە_وشە سادەکان لە زماندا بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. بڕوانە: Comrie, B. & Fillmore, C. (1983: 190)، Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 226-232)، محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦).


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

سەگمێنتەکانن، کە هەڵگری واتان. فەرهەنگیش بەشێکی یەکلاکەرەوەی ئەو لقە پێکهاتەیەیە، کە لەگەڵ یاساکانی بنکەدا پێکهاتەی سینتاکسیی پێکدێنن[٢١]، وەك لە خشتەی (٢) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢)[٢٢]

پێکهاتەی سینتاکسیی




وەك ئاماژەی بۆ کرا، لەناو فەرهەنگدا بۆ هەر توخمێك دەروازەی زانیاریی (فەرهەنگیی)[٢٣] تەواو و ورد تۆمارکراوە، کە تێیدا جەخت لە زانیاریی زمانیی کراوەتەوە، هەروەك پەیوەست بە جۆری کەرەستەکانەوە، زانیاریی جیاواز لەبارەی (چۆنێتیی دەربڕینی فۆنەتیکییانە، دیاریکردنو جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزی توخمەکان، چەمكو ناوەڕۆك، هاوکات پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی لەجۆری (کرۆکە واتا، دژواتا...)ی توخمەکان لەخۆدەگرێت.[٢٤] بۆ نموونە فۆڕمێکی وەك /پیاو/ لە دەروازە فەرهەنگییەکەیدا سەرەڕای پۆلێنکردنی پۆلەڕەگەز (ناو)، زانیاریی فۆنۆلۆژییانەو چۆنێتیی گۆکردنیو هەروەها فۆڕمە هەڵگوێزراوەکانی وەك /پیاوەتیی، پیاوانە، ناپیاو/یشی تێدا دیاریکراوە، هەموو ئەمانەش بە زانیاریی سینتاکسییەوە پەیوەستکراون، سەرباری ئەوەی، فیچەرە واتاییەکانیش _کە بە نیشانەکانی (+،-) هێمادەکرێن_ زانیاریی سیمانتیکیی[٢٥] دەخەنەڕوو. لەلایەکی دیکەوە، ئەو فیچەرە واتاییانەی، کە لەنێوان توخمە فەرهەنگییەکاندا هەنو بەهۆیانەوە ناوکۆییو جیاوازیی نێوان توخمەکان دەناسرێنەوە، بە ڕەهەندی واتایی Semantic dimension ناودەبرێن، وەك فیچەرەکانی [

---

[21] Steinberg, D. (1999: 35)
[22] ibed, 30

[٢٣] بۆ زانیاریی لەبارەی جۆرەکانی زانیاریی فەرهەنگییو فراوانکردنیانەوە، بڕوانە: Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 228_230) و محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠: ٣٦٩- ٣٨١). هەر لەم بارەیەوە، عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ١١٠)، لە دەروازەی فەرهەنگیی هەر وشەیەکدا، سێ جۆر زانیاریی خستووەتەڕوو، ئەوانیش بریتین لە: نیشانە ڕێزمانییەکان Grammatical marker، نیشانە سیمانتیکییەکان Semantic marker، نیشانە جیاکەرەوەکان Distinguishers .

[٢٤] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٩).

[٢٥] بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی سیمانتیك و فیچەرە واتاییەکانەوە، بڕوانە: Lieber, R. (2004)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

± زیندوو، ± مرۆڤ، ± ڕەگەز، ± هاوسەرگیریی] [٢٦]. بۆ نموونە بەسەرنجدان لە ڕەهەندی واتایی (ڕەگەز) لە وشەکانی /کوڕ، کەڵەشێر/دا، بەلایەنی کەمەوە لە فیچەری واتایی [+نێر]دا هاوبەشنو وشەکانی /کۆتر، مریشك/یش لە فیچەری [+ باڵندە]دا، کەچیی فیچەری [ ± فڕین] لێکیانجیادەکاتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی جێی تێڕامانە، ئەو فیچەرانە بەشێوەی تەواوکاریی ڕوودەدەن، واتە بەتەنها فیچەرێکیان، ڕەهەندەکە پەسندەکات، ئەمەش وادەکات هیچ یەکێك لەم دوو فیچەرانە پێکەوە ڕوونەدەن، بۆ نموونە فیچەری [+ مرۆڤ]، فیچەری [+باڵندە] ڕەتدەکاتەوەو فیچەری [+نێر]یش، ڕێگریی لە هاتنی فیچەری [+مێ] دەکاتو بەپێچەوانەشەوە، بۆیە هاتنی فیچەرەکان پێکەوە، بۆ دیاریکردنو ناسینەوەی سیمای واتایی توخمەکان، ڕێگەپێنەدراون.

دیاریکردنی ئەو فیچەرە واتاییانە لەدەروازەی زانیاریی هەر  توخمێکی فەرهەنگییدا، بۆ نواندنو خستنەڕووی: (ا) ئەدگارە بنەڕەتییەکان، (ب) پەیوەندییەکان، (پ) چالاکییەکان، (ت) بارودۆخی توخمەکان، گرنگو بەهادارن[٢٧] (بڕوانە هێڵکاریی (١)). واتای توخمە فەرهەنگییەکانیش، لەتەك دیاریکردنی گۆکردنی فۆنۆلۆژییانەدا، بەشێك لە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن، بۆ نموونە دەکرێت دروستەی قووڵی لێکسیمی /کچ/ وەك توخمێکی فەرهەنگیی، لە هێڵکاریی (١)دا بنوێنرێت.

هێڵکاریی (١)

NP

|

N

|

/کچ/

|

[+ زیندوو، + مرۆڤ، + ڕەگەز، - هاوسەرگیریی]

---

[٢٦] احمد عزوز (٢٠٠٢: ٧٢_٧٤)

[27] Steinberg, D. (1999: 37)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکیی هەر زمانێك، بریتییەلە فەرهەنگی ئەو زمانە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە: (١) لێکدانەوەی سیمانتیکیی ڕستە، لەسەر واتای مۆرفیمو وشە پێکهێنەرەکانیو پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوانیان وەستاوە. (٢) لێکدانەوەی واتای ئەو ڕستانەی، کە لەڕووی سینتاکسییەوە لە ڕەگەوە جیاوازن، پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، هەربۆیە بە پێکهاتەیەکی سیمانتیك دانراوە[٢٨].

**٣/١ زانیارییە زمانییەکان لە فەرهەنگدا:**

لەو ڕووەوە، کە پێڕەوی زمان لە زانستی زماندا، (ا) بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی زمان (فۆنیم، وشە، ڕستە)یە لەگەڵ یەکتریدا، (ب) کارکردنە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکان لە گشت ئاستەکانی پەسنکردنی زماندا، کە بە ئەرك/ گۆکردن ناوبراوە[٢٩]، یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕینە زمانییەکان ناچوونیەکنو هەڵگری زانیاریی جۆراوجۆرن، هەروەها کۆڵینەوە لەجۆرو چەشنی یەکەو زانیارییە پەیوەستدارەکانو دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان، پێڕەوبەندانەو بەیاسا ڕێکخراوە. لەم ڕوانگەیەوە، پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت تایبەتێتییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان. هەڵبەت تایبەتێتییەکانیش (نواندنی فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، دیاریکردنی جۆری کەتیگۆریی _پۆلەڕەگەز، فیچەری سیمانتیکیی لەگەڵ لقکردنی کەتیگۆرییانەو مەرجی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەش ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگومێنتی Argument structure[٣٠]ی سەرەکاندا هەیە، هەروەك کردار وەك ئارگومێنت_داواکەر چەند ئارگومێنت هەڵاوێردەکاتو چ ڕۆڵێکی سیمانتیکییش دەدات. بۆ نموونە ڕەگی ناوی کرداریی /خواردن/، پێویستی بە هەڵاوێرکردنی چەند ئارگومێنت هەیەو چ ڕۆڵێکی سیمانتیکییش دەدات. ئەمانەش دەریدەخەن، کە پێکهاتەی فەرهەنگ بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لەجۆری (بڕگە، وشە، فرێز)[٣١]، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی، بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت (بڕوانە هێڵکاریی (٢)).

---

[٢٨] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١٠٨)

[٢٩] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٣)

[٣٠] لەو مۆدێلەی مۆرفۆلۆژیدا، کە لەلایەن Williams (1981b) ەوە پێشنیازکراوە، بیرۆکەی دروستەی ئارگومێنت بەکاربراوە. دروستەی ئارگومێنتی کەرەستەیەکی فەرهەنگیی، لیستێکی ناولێنراوی ئەو ئارگومێنتانەیە، کە دەتوانن ڕووبدەن، ویلیامس Williams لە مۆدێلەکەیدا کەتیگۆرییەکانی گروبەر Gruber ی پەسەندکرد، کە (کارا، باس، ئامانج، سەرچاوە) دەگرێتەوە. Scalise, S. (1986: 181)

[٣١] بڕوانە: katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 14)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێڵکاریی (٢)




**١/٢ نواندنی فۆنۆلۆژیی:**

پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێك، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکانو تەرزی دەنگەکان (چەشنو جۆرەکانی خستنەتەکیەکەکان)[٣٢]و پەیوەست بە پەیڕەوکردنی ژمارەیەك دەستوورو یاسای دیاریکراوەوە کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستیی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆژییەکانی وەك فۆنیمو بڕگەکان دەداتو پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوانیشیان ڕێکدەخات، هەروەك لەباریی هاتنو پێکەوەگونجانی فۆنیمەکان لەگەڵ یەکدا، یاخود ڕێگەگرتن لە پێکەوە ڕوودانی دوو دەنگی ڤاوڵ لە هەمان مەودای فۆنۆلۆژییدا. پەیوەست بەمەوە، گەر بۆ دیاریکردنو گەیشتن بە کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە بە ڕێبازی دروستەکارەکان کاربکەین، ئەوا دروستەی هەر فۆڕمە_وشەیەك لە فەرهەنگدا، لە خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگەو دواتریش بڕگەکان بۆ دروستکردنی وشە پێکدێت، خستنەتەکیەکیشیان، سروشتو توانای کەرەستەکان بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر نیشاندەدات، دیارە هەموو ئەو کەرەستە فۆنۆلۆژییانەش لە فەرهەنگدا خاوەنی زانیاریی تایبەت بە خۆیانن، بۆ نموونە زانیاریی فۆنۆلۆژیی سەبارەت بە ڕیزبوونی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگە، لەناو خودی فۆنیمەکاندا هەڵگیراوە، زانیارییەکانیش بریتین لە نیشانە فۆنۆلۆژییەکان/ جیاکەرەوەکان _چەپکە نیشانەکان_، دواجاریش هەموو ئەم

[٣٢] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٥٦_٥٧)


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

زانیارییانە دەبن بە ڕێساو پەیڕەوکردنیشیان دەبێتە مەرجی ناسینەوەی فۆرمی فۆنۆلۆژیی دروستو نادروست لای ئاخێوەری زمان، بەوپێیەی "نواندنی فۆنۆلۆژیی، پەسنی دروستەی ئەو دەنگە نادیارانەی وشەکان دەکات، کە لە یادگەدا گەنجکراون"[٣٣]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان، زانیاریی بنەڕەتییو هەلگیراوی نێو فەرهەنگی ئاوەزیی تاکن.

لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراودا، هەر فۆنێمێك ژمارەیەك نیشانەی جیاکەرەوەی وەك (سازگەی دروستبوون، دەنگدارییو کپی،...هتد) لە فۆنیمەکانی دیکەی زمانەکەی جیادەکاتەوە، لەمەوە نواندنی فۆنۆلۆژییانەی بڕگەکان، پشت بە نیشانەی فۆنیمەکان دەبەستێت، هاوکات دارشتەی مۆدێلی بڕگەش، دروستکەری فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییە.

لەو ڕووەوە، کە یەکەکانی پلەیەکی خوارتری فۆنۆلۆژیی (دەنگەکانی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ) ئەرکو گۆکردنیان بۆ ئەوەیە، لێکبدرێنو یەکە بەرزترەکانی ڕێزمان (وشەکان) دروستبکەن[٣٤]، فۆنیمیش یەکەیەکی نادیارە، لەبەرئەوە ڕوودانی سەربەخۆو دەرکەوتنی ئاشکرای نییە، بەڵکو یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕین (دەنگ _فۆن_)ەکانی زمان لە سنووری بڕگەکاندا دەیاننوێنن، هەربۆیە بۆ ئاخێوەری زمانێك، گشت زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان _چەپکە نیشانەکان_ لەناو خودی بڕگەکاندا بەرجەستەدەبن. لەمەوە نواندنی فۆنۆلۆژیی لە زماندا، پەیوەست دەبێت بە:

ا. تایبەتمەندییو نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکان، کە مەبەست لە زانیارییەکانە، چونکە "هەر فۆنێمێك لەڕێی چەپکێك لە (ن ج)ەوە پێناسە دەکرێت یان ئاکارەکەی دیارییدەکرێت"[٣٥].

ب. بەکاربردنی فۆنیمو بەرجەستەکردنی نیشانەکانیان لەنێو سنوری بڕگەدا، بەپشتبەستن بەو بنەمایەی، سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی لە زماندا فۆنێمو بڕگەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە بڕگە دروستکراوی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بۆیە نواندنی، گشت نیشانەو زانیاریی ناواخنی فۆنیمەکان دەردەخات. لەنواندنی فۆنۆلۆژییدا، زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، کە دیوی دەرەوەیان بەهۆی نواندنە فۆنۆلۆژییەکانەوە/ فۆنەیتیکییەکانەوە بەرجەستەدەکرێن، ئەمەش پێماندەڵێت، نواندنەکان بۆ هەڵهێنجانو خستنەڕووی زانیارییەکان، کە خۆی لە نیشانەو تایبەتێتیی فۆنیمەکاندا دەبینێتەوە، گرنگو پێویستن.

هەر لەم بارەیەوە، زۆرجار گۆڕانی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا، مەرج لەسەردانراو نیین، ئەمەش ئەدگارێکی تایبەتیی ئەو دەنگانەیە، کە چەپکە نیشانە _نیشانەی فۆنەیتیکیی_یان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆیە زۆرجار لەباریی دەربڕینو گۆکردنیان، هۆی ڕوودانو بەرجەستەکردنی ئەم چەشنە نواندنە جیاوازانەن. دەتوانرێت ئەم نواندنە لە یاسای (١)دا شێوازبەندبکرێت:

١) /X/ < ﴾Y﴿

ئەگەر وایدابنێین، گۆڕاوی /X/ وەك فۆنیمی بنەڕەتیی دروستەی وشەکە _کەرەستە فۆنۆلۆژییە ئەبستراکتەکە_ مامەڵەدەکرێت، ئەوا پێشبینیدەکرێت [Y] یش لەدارشتە فۆنەتیکییەکەیدا (کە بە نواندنی IPA

---

33 Sutherland, D. (2006: 4)

٣٤ محەممەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٦)

٣٥ محەممەدی مەحویی، مۆدێلو مۆدێلەکانی ڕێزمان (٢٠٠٩: ٢٢٤)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناودەبرێت)، بەهۆی فۆن _یەکەی بەرجەستەکراوی فۆنەتیکیی _ ەکانەوە لە زمانی ئاخاوتندا، ئاماژە بە نواندنی فۆنەیتیکیی فۆنیمەکان بکات، بەو بەڵگەیەی" نواندنی فۆنەیتیکیی، بەرپرسە لە پەسنکردنی قسەکردن (ئاخاوتن) وەك دیاردەیەکی فیزیکیی"[٣٦]. بۆ نموونە دەتوانرێت جۆراوجۆریی[٣٧] دەنگی [س] بەرامبەر بە فۆنەکانی [س]و [ص]و [ز]، کە سەر بە فۆنێمی /س/ن، بەرجەستەبکرێت، لەمەوە دەشێت خودی فۆنیمەکان نواندنی جیاوازیان هەبێت، ئەو نواندنە جیاوازانەش جارێکی دیکە دەبنەوە بە فۆنیم‌و داڕشتەی فۆنۆلۆژیی پێکدەهێننەوە. نواندنە جیاوازەکانی فۆنیم، یاسای (٢) دەستەبەردەکەن:

**٢) /X/ < ﴿Y﴾، ﴿Z﴾**

**فۆنیم    نواندنی فۆنەتیکیی**

٢. /سیر/ < ﴿سیر﴾

/سەوزە/ < ﴿صەوزە﴾

/دەستگرە/ < ﴿دەزگرە﴾

٣. /ت/ < ﴿ت﴾ ~ ﴿ط﴾

/هەتاو/ < ﴿هەتاو﴾~ ﴿هە طاو﴾

نموونەکان ڕوونیدەکەنەوە، کە ڕوودانی گەنجی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا، بە شێوە گۆکردنی جۆراوجۆر دەستدەکەون، چونکە دەنگەکان هۆی بەکۆنکرێتکردنی دروستەکانن. ئەمەش وادەکات، داڕشتەی فۆنەیتیکیی دروستەیەك پەیوەست بە ئەلۆفۆنەکانەوە، جیاواز لە داڕشتە فۆنیمییەکەی ڕووبدات، هەربۆیە فۆنیمەکان لەگەڵ ئەلۆفۆنێك، یان دەستەیەك لە ئەلۆفۆنەکانیاندا پەیکاڵی یەك دەبن‌و لەچێوەی دروستەیەکی دەنگیی فۆنەیتیکییدا، هەمان واتا بە بیچمێکی جیاوازەوە هەڵدەگرن.

---

[36] pierrehumbert, J. (1990: 375)

[٣٧] هۆو بنەمای ئەم جۆراوجۆریی دەربڕینانەش، وابەستەی هەندێك مەرجن، کە گۆڕانی فۆنەیتیکییانەی فۆڕمە گۆکراوەکان دەخوڵقێنن، لەوانە:

١. جۆرو شێوازی دەربڕینی تاك (ئایدیۆلێکت): /هەتاو/> ﴿هەطاو﴾، /سازان/ > ﴿صاضان﴾~ ﴿ساسان﴾، /ئاو/ > ﴿ئ ´او﴾.

٢. جێکەوتەو دەوروبەری فۆنۆلۆژیی دەنگەکە، کە بە یاسای فۆنۆلۆژیی ڕوودەدات: /ڕۆژتان باش/ > ﴿ڕۆشتان باش﴾، /مسگەر/ > ﴿ مزگەر﴾.

٣. جیاوازیی ئەکسێنتی دەربڕینی قسەکەر: /دابەزین/ > ﴿دابەزین﴾~﴿د´ابەضین﴾، /گیان/ > ﴿گیان﴾~﴿گ´یان﴾

٤. هۆکاری بایۆلۆژیی‌و چۆنێتیی جووڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنان‌و درکاندنی دەنگەکاندا: /سەیوان/ > ﴿ثەیوان﴾، /سیروان/ > ﴿ثیروان﴾، /ماسی/ > ﴿ماسی﴾ ~﴿ماصی﴾ ~﴿ماثی﴾ . بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی، بەرگی دووهەم (٢٠٠٨: ١٧)


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی لە نموونەی (٢)دا تێبینییدەکرێت، بۆ هەندێك فۆنیم، یەك جۆر بەرجەستەکردن باو و ڕێگەپێدراوە، چونکە تەنها یەك ئەلۆفۆنی نوێنراو وەك ئەڵتەرناتیفی فۆنیمەکە کاردەکات (بڕوانە [*طاريك، طرش])، بەڵام نموونەی (٣) بۆ ئاخێوەری زمان ئەگەری هەبوونی دوو جۆر نواندن[٣٨]، پەیوەست بە چۆنێتیی گۆکردنو جوڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاتنەوە پەسەنددەکات.

ئەو یاسایانەی لە (٢،١)دا شێوازبەندکران، زانیاریی نواندنی فۆنەیتیکییانە لەچێوەی دروستەکەدا دەردەبڕن، بەواتا "پێکەوەبەندبوونی فۆنەیتیكو نواندنی فۆنێمی کۆی ئەو زانیارییە دروستەییانەیە، کە دەربارەی فۆنۆلۆژیینو لەبەردەستدان."[٣٩] هەروەك دەریشیدەخەن، ﴿Y﴾، ﴿Z﴾ هەردووکیان یەکەی فۆنەیتیکیی بەرجەستەی هەمان فۆنیمن، کە بە گۆڕاوی /X/ ئاماژەی بۆ کراوە. بەمەش ﴿Y﴾، یان ﴿Z﴾ جۆرێکی دیکەی دەربڕینی فۆنیمی /X/ن، واتە دەرکەوتووە جۆراوجۆرەکانی فۆنیمەکەن، کە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان هەیە، هەبوونی مەرجی دابەشبوونی تەواوکەرانەش، مەرجێکی خورتییە لەو دەوروبەرەی نواندنە فۆنەیتیکییەکەی تێدا ڕوودەدات. بەگشتیی کاتێك ڕوودەدات دوو فۆن لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا بن، کە (ا) ئەلۆفۆنی هەمان فۆنێم بن، بە واتا نەتوانن لەهەمان دەوروبەردا دەربکەونو هەمبەر بە یەك بوەستنەوە. (ب) ئەو ئەلۆفۆنانە (کە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان)، پێویستە لەیەکچوونی فۆنەیتیکییان هەبێت[٤٠]، واتە هەبوونی نیشانەی جیاکەرەوەی هاوبەشو لەیەکچوو لەنێوانیاندا.

کەواتە ئەگەر پێمانوابێت دوو فۆنیم لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، ئەوا مەرجە هەردووکیان ئەلۆفۆنی یەك فۆنیم بن، لەمەوە بەپێی مەرجی (ا)، پێویستە ئەلۆفۆنەکانی ﴿ص﴾و ﴿س﴾و ﴿ز﴾ هەمان فۆنیم بنوێننو ئەو ئەلۆفۆنانەش، سەر بە دوو یەکەی جیاو سەربەخۆ بن، ئەوکات دەتوانرێت داڕشتەیەکی فۆنەیتیکیی پەیوەست بە ئەلۆفۆن (فۆن/ پۆلێك فۆن)ی جیاوازەوە لە دروستەیەکی فۆنێمییەوە هەڵبگوێزرێت، بەمەش بۆیە بۆ ئاخێوەری زمان ئەدگاری (جۆراوجۆریی ئازاد- Free variation)[٤١] ی فۆنەکان، سەرپشکیی‌و لە هەندێك جێکەوتەدا پێشبینییلێکراوە، چونکە "ئەلۆفۆنەکان لەڕێی یاساوە لە فۆنیمەکان هەڵدەگوێزرێنو دەنوێنرێن"[٤٢].

لەلایەکی دیکەوە، ڕوودانی ئەو دەنگ _فۆن_ە بەرجەستە لەبری گۆکراوانە، جگەلەوەی پێویستە لە_هەمان قاڵبی فۆنەیتیکییدا هەمان دروستەی واتایی پێکبهێننەوە، بەپێی خاڵی (ب)، گرنگە مەرجی لێکچوونی فۆنەیتیکییشیان تێدا بێت، ئەگەر نا، ئەوا بەزاندنی مەرجی هەمان دروستەیی واتایی ڕوودەدات، ئەمەش

---

[٣٨] بڕوانە: /س/ > [س] ~ [ص] ~ [ز]

[٣٩] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٢٠٠)

[٤٠] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٧

[٤١] جۆراوجۆریی ئازاد، دەرکەوتنی دوو یەکەی دەنگیی (فۆن)ە لە هەمان ژینگەو دەوروبەری فۆنەیتیکییدا، کە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، ئەم دەنگانە سەرباری جیاوازییان، پارێزگاریی دروستەی واتایی فۆڕمە گۆکراوەکە دەکەن.

[٤٢] محەمەدی مەحویی، بەرگی دووهەم (٢٠٠٨: ٥)

وادەکات، وەك دوو فۆنیم (نەك دوو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیم) هەڵسوکەوتبکەن، ڕاستیی ئەمە لە (٤)دا سەلمێنراوە.

٤_ ا. /سەد/~ «صەد»

ب. /سەد/ ≠ *«بەد» ≠ *«قەد»

ئەوەی لە نموونەی (٤_ا)دا تێبینییدەکرێت، لێکچوونی فۆنەیتیکییانەی فۆنیمەکانی /س/و/ ص/ لە نیشانە جیاکەرەوەکانی [+خشۆك، +پووکیی، +کپیی] دا، هەمان دروستەی واتاییان دەستەبەرکردووە، بۆیە هەمبەر بەیەك ناوەستنەوە، بەلاّم لە (٤_ب)دا نالێکچوویی فۆنەیتیکیی _جیاوازیی بنەڕەتیی فۆنیمەکان_ی /س/و /ب/و /ق/، دروستەی جیاوازیان بەواتای نوێوە دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە هەریەك لە دروستەکان دارِشتەو نواندنی جیاو سەربەخۆیان هەبێت.

نواندنی فۆنەیتیکییانەی فۆنیمەکان، وابەستەی ئەو مەرجو کۆتوبەندانەن، کە لەنواندنی فۆنۆلۆژییاندا پەیرِەوکردنیان خورتییە. لە دارِشتە فۆنەیتیکییەکەشیاندا، بنەمای لەباریی دەربرِین وەك ناوکۆیی‌و لەیەکچوویی فۆنەکان پەیوەست بە چۆنێتیی درکاندن‌و جووڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە لە مەودای فۆنەیتیکییاندا، حوکمی گۆکردنیان دەکات، هەروەك گۆرِانی /دەستگرە/ لە دارِشتە فۆنەیتیکییەکەیدا بۆ «دەزگرە» بەهۆی پرِۆسەیەکی فۆنۆلۆژییەوە ڕوویداوە، بەوپێیەی "نواندنی فۆنۆلۆژیی، دەرئەنجامی پەیرِەوکردنی ڕێسا فۆنۆلۆژییەکانە، نواندنەکانیش بایەخ بە کۆزانیاریی شاراوەی قسەکەر دەدەن، کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زانیارییەکانی ناو مێشکەوە"[٤٣].

نموونەکان دەیسەلمێنن، کە هەر فۆرِمێك پەیوەست بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە لە مێشك‌و ئاوەزی قسەکەردا، نواندنێکی فۆنۆلۆژییانەی سەربەخۆی هەیە، ئەگەرچیی "پەیوەست بە فۆرِمگۆرِین‌و نواندنی لێکسێمیشەوە، لێکسێمە بەرهەمهاتووەکان فۆرِمە فۆنۆلۆژییەکانیان، کەمتر لە فۆرِمە فۆنەتیکییەکانیان دەرکەوتنیان هەیە"[٤٤]، بەلاّم پێویستە بەهەمان فۆرِمەوە لە تۆمارکردنی فەرهەنگیی‌و زمانی نووسینی بالاّدا بەرجەستەبکرێن، لێکەوتەی ئەمەش، پێویستە فۆرِمی بنەڕەتیی، کە فۆنۆلۆژیی ناو مێشکە، لەگەڵ فۆرِمە_وشە نوێنراوو بەرجەستەکراوەکان لەفەرهەنگ‌و سینتاکسدا پەیکاڵی یەك بن، بە دەربرِینێکی دیکە، زمانی نووسینی بالاّ، دەرکردەی فۆنۆلۆژیی ناو مێشك بێت، بەدەر لەو گۆرِانانەی، بەکاریگەریی مەرجو یاسا فۆنەیتیکییەکان لە زمانی ئاخاوتندا ئەگەری ڕوودانیان هەن (برِوانە خشتەی (٣)).

---

[43] pierrehumbert, J. (1990: 376)

[٤٤] محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٣٦)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**خشتەی (٣)**

| فۆڕمی فۆنۆلۆژیی | نواندن/ تۆمارکردنی فەرهەنگیی | نواندنی فۆنەیتیکیی (وشەی فۆنەیتیکیی) |
|---|---|---|
| /دەستگرە/ | ﴿دەستگرە﴾ | ﴿دەزگرە﴾ |
| /پشتدەر/ | ﴿پشتدەر﴾ | ﴿پژدەر﴾ |
| /پێشوازییکردن/ | ﴿پێشوازییکردن﴾ | ﴿پێژوازییکردن﴾ |
| /پێشڕەو/ | ﴿پێشڕەو﴾ | ﴿پێژڕەو﴾ |
| /پیسبوون/ | ﴿پیسبوون﴾ | ﴿پیزبوون﴾ |
| /دەستگیرۆیی/ | ﴿دەستگیرۆیی﴾ | ﴿دەزگیرۆیی﴾ |
| /هەشتدە/ | ﴿هەشتدە﴾ | ﴿هەژدە﴾ |
| /تۆپ/ | ﴿تۆپ﴾ | ﴿طۆپ﴾ |
| /تۆپین/ | ﴿تۆپین﴾ | ﴿طۆپین﴾ |
| /توند/ | ﴿توند﴾ | ﴿توند﴾ ~ ﴿طون﴾ ~ ﴿طونگ﴾ |
| /ڕەنگە/ | ﴿ڕەنگە﴾ | ﴿ڕەنگە﴾ ~ ﴿ڕەنە﴾ ~ ﴿ڕەمبێ﴾ |

**٢/٢ نواندنی فۆنۆلۆژییانەی بڕگە:**

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دروستەی بڕگەش وەك جۆرێکی دیکەی نواندنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی، دروستکراوی پێکهاتەی فۆنۆلۆژییە، بۆیە دەرکەوتن و ڕوودانیشی لەسنووری ئەم پێکهاتەیەدا دەبێت، کە زنجیرەیەکی دەنگیی بەدوایەکداهاتوون و پەیوەست بە هەندێك کۆتومەرجی دیاریکراوەوە، داڕشتەو مۆدێلەکانی بڕگە دروستدەکەن، لەمەشەوە "نواندنی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنت، ڕێگە بە ئاخێوەری زمان دەدات زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لەنێو دروستەی بڕگەدا بەگەڕبخات"[٤٥].

پەیوەست بەمەوە، تیۆرییەکانی بڕگە بەشێوەی جۆراوجۆر لەسەر بنەمای دابەشبوون، یان بنەمای فۆنەیتیك بونیاتنراون. لەتیۆری دابەشکەرانەدا، بڕگەکان بەهۆی زنجیرە بەدوایەکداهاتووە ڕێگەپێدراوەکانی فۆنیمەکان و تەرزەکانی قورساییخستنەسەرەوە دروستکراون. بەگشتیی مۆدێلەکانی داڕشتەی بڕگە، مۆدێلی (CV)و مۆدێلی (وەچەپێکهاتەی بڕگە)ن. لە یەکەمیاندا بڕگە وەك یەکەی سەرووسەگمێنتیی لەتەك چینی CV و چینی سەگمێنتییدا نوێنراوە[٤٦]. نموونەی ئەمەش، لە هێڵکاریی (٣)دا نیشاندراوە.

---

45 Sutherland, D. & Gillon, G. (2005: 295)

[٤٦] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، بەرگی دووهەم (٢٠٠٨: ٦٨) و Crystal, D. و MATTHEWS, H. (2007: 395) (2003: 448)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێڵکاریی (٣)




ئەمجۆرەی نواندنی بڕگە، بە (تەخت_flat) دادەنرێت، کە پەسنی دروستەی ناوەکیی بڕگە ناکات، بەڵکو وەك لە هێڵکارییەکەدا نیشاندراوە، هەر یەکێك لە سەگمێنتەکان، هەمان پەیوەندییان بە نۆدی بڕگەکەوە هەیە[47]، کە نواندنێکی ڕووکەشیی _سطحي_ فۆرمە کۆنکرێتییەکەی بڕگە لەخۆدەگرن، بەمەش نەبوونی هێڵکاریی هەرەمیی دەرخستەی پەیوەندییە ناوەکییو نادیارەکانی بڕگە، وادەکات بیرۆکە ناوەندییەکانی وەك (سەرەتای بڕگە، سەروا) پشتگوێبخرێن. مۆدێلی وەچەپێکهاتەی بڕگەش، مۆدێلێکی دیکەی خستنەڕووی دروستەی بڕگەیە، جیاوازیی لەگەڵ مۆدێلی (CV) لەوەدایە، کە وێڕای یەکەکانی چینی CVو چینی بڕگە، ئاستی نێوانییشیان هەیە، کە وەچەپێکهاتەی بڕگەیان تێدایە. هێڵکاریی (٤) دارشتەی دروستەی بڕگە لە مۆدێلی وەچەپێکهاتەدا دەخاتەڕوو.

هێڵکاریی (٤)[48]




هێڵکاریی (٤) نیشانیدەدات، دروستەی بڕگە پەیڕەوی بنەمای دووپەلکیی[49] دەکات، بەوپێیەی لە سەرەتای بڕگە onsetو سەروا Rhyme پێکهاتووە، سەرواش بەهەمان شێوە دروستەیەکی دووپەلکیی هەیەو تێیدا بۆ

[47] Szigetv´ari, P. (3)
[48] Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 324), Radford, A. & Atkinson, M. (2009: 79)
[49] Radford, A. (2004:61)


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

کرۆك Nucleusو کۆتایی بڕگە Coda دابەشدەبێت[٥٠]. بەپێی هەریەك لە مۆدێلەکانی نواندنیش، دروستەی بڕگەکان بەرجەستەی ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانە دەکەنو دەیانخەنەڕوو، کە پەیوەست بە نیشانە جیاکەرەوەکانەوە هەنو لەئارادان. ئەمەش بەخشکەیی دەریدەبڕێت، بۆیە زانیاریی هەڵگیراوی نێو فۆنیمەکان گرنگو بەهادارن، چونکە ڕێگە بەخستنەتەکیەکی فۆنیمەکان دەدەنو لەمەشەوە پرۆسەی بەبڕگەکردنیان دەستەبەردەکەن. هەروەك زانیاریی (فۆنۆتاکتیکیی)ی پەیوەست بە چۆنێتیی ڕیزکردنو ڕێکخستنی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلەکانی بڕگە، لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانی کوردییدان، واتە لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدان، ئەمەش ئەوە دەردەخات: (ا) وەرگرتنو خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان یاسابەندنو یاسابەندییەکەش لەناو دروستەی بڕگەکاندا هەڵگیراوە. (ب) پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی بۆ بونیاتنانی دروستەی بڕگە، کەرەستەی پێویست لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە وەردەگرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕوودانی بڕگەکان لە سنووری مۆرفیمو وشەکاندا دەبێت، هەر مۆرفیم _وشە_ێك بۆی هەیە لە بڕگەیەك، یان زیاتر پێکبێت. لە (٥)دا داڕشتەی مۆدێلە جیاوازەکانی بڕگەو نموونەکانیان بەهۆی کەوانەی شکاوەوە نوێنراون.

٥_ ا. مۆدێلی (CV) :    /کا/ > ﴿کا﴾

ب. مۆدێلی (CVC):    /شار/ > ﴿شار﴾

پ. مۆدێلی (CCVC):    /خوار/ > ﴿خوار﴾

ت. مۆدێلی (CVCC):    /دەشت/ > ﴿دەشت﴾

ج. مۆدێلی (CCVCC):  /خوارد/ > ﴿خوارد﴾

ح. مۆدێلی (CVCVC):  /برزوو/ > ﴿بر. زوو﴾

٦_ ا. /بادام/ > ﴿با. دام﴾~ ﴿با. یام﴾~ ﴿با. 'ام﴾

ب. /لێخۆشبوون/ > ﴿لێ. خۆش. بوون﴾ ~ ﴿لێ. خۆژ. بوون﴾

پ. /ئەندازە/ > ﴿ئەن. دا. زە﴾ ~ ﴿ئە. ن'ا. زە﴾~ ﴿ئەن. گا. زە﴾

ت. /قەودوبالاٚ/ > ﴿قە. دو. با. لاٚ﴾ ~ ﴿قە. 'و. با. لاٚ﴾

نموونەکانی (٦) ئەو ڕاستییە دەردەبڕن، کە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان بەهۆی دروستەو مۆدێلەکانی بڕگەوە بەشێوەی جیاواز دەنوێنرێن، خودی جیاوازییەکەش، دیاردەکانی لە چەشنی جۆراوجۆریی ئازادو بێلایەنبوونی

[٥٠] دەشێت دروستەی بڕگەکانی زمانی کوردیی بە چوار شێوە دابەشببن، هەروەك لەخوارەوە خراونەتەڕوو:

(١) بوونی (سەرەتاو کرۆك)ی بڕگە: کەوت- کەو، زاد- زا (نەجیب زاد)

(٢) تەنها بوونی (کرۆك)ی بڕگە: ئا

(٣) بوونی کرۆك و کۆتایی بڕگە: نادر- نا. 'ر ، دەڕوات- ئەر. وات، هوشیار- وش.یار

(٤) بوونی سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی بڕگە: دار، کەو، ڕاو


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێمەکان، لە دەرکەوتەو دەرکردە فۆنەیتیکییەکاندا بە گەلێك هۆکار دەیانخولقێنن. دواتریش خستنەتەکیەکی بڕگەکان بە زانیارییەکانی ناویانەوە، بەمەبەستی پێکهێنانی یەکەو دروستەی زمانیی گەورەتر _دروستەی مۆرفیم _ە لەنێو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا.

## ئەنجام

١. توخمە فەرهەنگییەکان بڕی زانیاریی پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی پەیوەست بە دەستورو یاسای دیاریکراوەوە تێدا هەڵگیراوە. ئەوانیش زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی، سیمانتیکیی)ن، بەوەش هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بە گشت زانیارییەکانییەوە لە فەرهەنگدا گەنجدەکرێت. لێکەوتەی ئەمەش، پێکهاتەی فەرهەنگ بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لەجۆری (بڕگە، وشە، فریز)، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی، بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت.

٢. پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێك، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکانەو پەیوەست بە پەیڕەوکردنی ژمارەیەك دەستوورو یاسای دیاریکراوەوە کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستیی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆژییەکانی وەك فۆنیمو بڕگەکان دەدات. نواندنی فۆنۆلۆژییش لە زماندا، پەیوەست دەبێت بە (ا) تایبەتمەندییو نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکان، کە مەبەست لە زانیارییەکانە، چونکە هەر فۆنیمێك لەڕێی چەپکێك لە نیشانەی جیاکەرەوەوە پەسندەکرێتو دەخرێتەڕوو. (ب) بەکاربردنی فۆنیمو بەرجەستەکردنی نیشانەکانیان لەنێو سنوری بڕگەدا، بەپشتبەستن بەو بنەمایەی، سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی لە زماندا فۆنێمو بڕگەیە، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، بڕگە دروستکراوی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بۆیە نواندنی، گشت نیشانەو زانیاریی ناواخنی فۆنیمەکان دەردەخات.

٣. پەیوەست بە خاڵی (١)ەوە، لەنواندنی فۆنۆلۆژییدا، زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، کە دیوی دەرەوەیان بەهۆی نواندنە فۆنۆلۆژییەکانەوە/ فۆنەیتیکییەکانەوە بەرجەستەدەکرێن، ئەمەش پێماندەڵێت، نواندنەکان بۆ هەڵهێنجانو خستنەڕووی زانیارییەکان، کە خۆی لە نیشانەو تایبەتێتیی فۆنیمەکاندا دەبینێتەوە، گرنگو بەهادارن. جگەلەوەی، زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان بەهۆی دروستەو مۆدێلەکانی بڕگەوە، نواندنی جیاوازیان دەبێت، ئەو جیاوازییانەش، دیاردەکانی (جۆراوجۆریی ئازاد، بێلایەنبوونی نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێمەکان)، لە دەرکردە فۆنەیتیکییەکاندا بە هۆکاری جیاواز دروستیاندەکەن.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

**لیستی زاراوەکان**

| | |
|---|---|
| | پ |
| component Lexicon | پێکهاتەی فەرهەنگ |
| | ت |
| Flat | تەخت |
| Element | توخم |
| | ج |
| Free variation | جۆراوجۆریی ئازاد |
| | د |
| Complementary distribution | دابەشبوونی تەواوکەرانە |
| Argument structure | دروستەی ئارگومێنت |
| | ڕ |
| Semantic dimension | ڕەهەندی واتایی |
| | س |
| Onset | سەرەتای بڕگە |
| Rhyme | سەروا |
| | ف |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| | ك |
| Nucleus | کرۆکی بڕگە |
| Coda | کۆتایی بڕگە |
| | ل |
| Arbitrary | لەخۆوە |
| | ن |
| Representation | نواندن |
| Phonological representation | نواندنی فۆنۆلۆژیی |
| Distinct features | نیشانە جیاکەرەوەکان |
| | و |
| Putative words | وشە دانراو/ خەیاڵییەکان |
| Dictionary | وشەنامە |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی:

### أ- کتێب:


١. شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس‌و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢. کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل‌و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەممەدی مەحویی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٤. محەممەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٠٤)، بەرگی یەککەم، سلێمانی.

٥. محەمەد مەحویی‌و نەرمیین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ (٣٢)، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٦. محەممەدی مەحویی (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی‌و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

٧. ________ (٢٠٠٨)، فۆنەتیك‌و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

٨. ________ (٢٠٠٨)، فۆنەیتیك‌و فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانیی.


### ب- نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):


٩. نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


### پ- گۆڤار:


١٠. سازان زاهیر سەعید (٢٠١٥)، مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو و ڕێگرەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٦).

١١. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف(٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان‌و دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٣٨).

١٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف(٢٠١٧)، پارامێتەری سەری ڕێزمانیی لە زمانی کوردیی‌و فارسییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١)، ژمارە (١٢).


### بەزمانی عەرەبیی:


١٣. احمد عزوز (٢٠٠٢)، اصول تراثیة في نظریة الحقول الدلالیة، دمشق، سوریا.



e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

**بەزمانی ئینگلیزیی:**

14. Baker, A. & Hengeveld, K. (2012), Linguistics, first published, WILEY BLACKWELL.
15. Carnie, A, (2001), Syntax, Blackwell Publishers, Oxford.
16. Cook. V. & Newson, M. (1997), Chomsky's Universal Grammar, second edition, Blackwell Publishers.
17. CRUSE, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.
18. Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.
19. KATAMBA, F. and STONHAM, J.(2006), Morphology, 2nd edition.
20. Lieber, R. (2004), Morphology and Lexical Semantics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
21. Lieber, R. (2012), Introducing Morphology, 3rd printing, Cambridge Introducing to Language and Linguistics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
22. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.
23. Pierrehumbert, J. (1990), Phonological and Phonetic representation, Northwestern University.
24. Radford, A. (2004), English Syntax An Introduction, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
25. Radford, A. & Atkinson, M. (2009), LINGUISTICS AN INTRODUCTION, SECOND EDITION, Cambridge University Press.
26. Scalise, S. (1986), GENERATIVE MORPHOLOGY, FORIS PUBLICATIONS Holland, U.S.A.
27. Steinberg, D. D. (1999), Psycholinguistics Language, Mind and World, A Longman paperback.
28. Sutherland, D. & Gillon, G. (2005), Assessment of Phonological Representations in Children With Speech Impairment, University of Canterbury, Christchurch, New Zealand.
29. Szigetv´ari, P. (3), Phonological analysis.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (زانیاریی فەرهەنگیی- نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردییدا)، هەوڵێکە بۆ نواندنو بەرجەستەکردنی زانیاریی ئەبستراکتی توخمە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگ لە ئاستی نواندنی فۆنۆلۆژییدا. لەو ڕووەوە، کۆی ئەو زانیارییە زمانییانەی، بەشێوەیەکی نادیار لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکدا هەڵگیراون، لە دروستە دەنگییەکانی وەك بڕگەدا پەیوەست بە زمانی کوردییەوە هەڵهێنجراون، چونکە ئەو دروستانە هەڵگری هەموو ئەو زانیارییانەن، کە لە ناو فۆنیمەکاندا وەك بنەڕەتی بەرهەمهێنانی دروستە فۆنۆلۆژییەکان هەنو گەنجکراون.

## المستخلص

إنَّ هذه الدِّراسة المُعَنونَة بـ "المعرفة المعجميّة- التّمثيل الصوتيّ في اللُّغة الكورديَّة" مُحاولةٌ لتمثيل المعلومات المُجرَّدة للعناصر المُكوِّنة للمعجم وتجسيدها في مستوى التمثيل الصوتيّ. ومن هذا المنظور، قد استنبطت جميع المعلومات اللُّغويَّة المُخزَّنة على نحوٍ غير مرئيّ في المعجم الذّهنيّ للفرد من البُنى الصوتيَّة كالمقطع مُقترِنة باللُّغة الكورديَّة، وذلك لأنَّ هذه البُنى تحمل جميع المعلومات المُخزَّنة في الصوْتم كأساسيَّات لتوليد البُنيَّة الصوتيَّة.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The present study entitled “**Lexicon knowledge - Phonological representation in Kurdish**” is an academic effort to represent and embody the abstract information of the constituent elements of the lexicon at level of phonological representation. Hence, the sum total of the linguistic knowledge inherently stored as projections in the individual speaker’s mental lexicon are drawn from the phonological structures, such as syllable related to Kurdish language, as these structures carry all the information stored as essentials of phonological structures in the phonemes.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)